# لەسەفەر دەگەڕێمەوە

چنار نامق

ڕۆژگارێکە هەڵواسراوم
بەزنجیرو تەنافەکانی وەحشەتەوە
زۆر دەترسم
دەزووی باریکی ئەم ئەوینە بپسێت و
لەپردی سیراتی عیشقتدا
گلۆر ببمەوە
لەم گەشتەدا خەونم دەدی خەون
خەونێك بلأوتر
لەخەیاڵی پەرتی گەڕیدەیەك
هەر یەك لە ئەندێشە و دڵ و
جەستەم
لەشارێك بوون
تێڕادەمام داخۆ ئێستا
سەرم سەر بەکام هەرێمە ؟
لەسەفەر دەگەڕێمەوە وتۆ لەوێ نیت
ڕۆیشتوویت وئەدرەسێکت
لەسەر باڵی سپی
باڵندەیەکی کۆچەر بۆ بەجێ نەهێشتووم
ڕۆیشتوویت و
بۆنی لیمۆ کەسکەکانی عیشقت
بەتەرزی درەختەکانی حەوشەوە
پۆلە پەپوولەی ناخم و

سەری باخچەکەی مەست کردووم...........

تەنها نامەیەکی ماڵئاواییت بۆ ئەو
درەختە ناردبوو
کەسێبەری بۆ بەژنی ماچێکمان ئەکرد
سەیر چەن وێڵم
لەخەیاڵمدا شەقامێك نییە پێیدا بگوزەرێم
یاسایەك شك نابەم بۆ بنیاتنانەوەی ژیان
من دەزانم
سەفەر خەمێکی گەورەیە
ملی ڕێگا نادیارەکانم پێ دەگرێتە بەر
ئیدی چۆن ئاوێزانت بم